کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-1-2007 23:11

# یادی دامەزراندنی چاک پیرۆز بێت

ئەمرۆ لە لاپەرە ی سایتە ئەلکترۆنیە کوردستانیەکانەوە، بە بۆنەی نزیکبونەزەی یادی پێنج ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی چاک، ڕاپۆرتێکم دەربارەی کار و چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە خوێندەوە. وێڕای پیرۆزبایی گەرمم بۆ یادی دامەزراندنتان هیوای سەرکەوتن و بەردەوام بونتان لە سەر کارەکانتان بۆ دەخوازم. ئەو کارانەی کە لە بەرنامەدا داتنابون هەندێکتان ئەنجامداون و هەندێکی تری چاوەڕوانی دەست و ئیرادەی ئێوە دەکات.

بە تێڕوانینی من چاک یەك لە ڕێکخراوە سەرکەوتوەکانی گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستانە کە بە هزرێکی کوردانەی هاوچەرخ لەگەڵ دیاردە کوردستانی و جهانیەکاندا هەڵسوکەوت دەکات و بەرژەوەندی گشتی لە سەروی بەرژەوەندی تایبەت (تاك -گروپ) دەبینێت، لە کاتی پێویستدا فریای هەموو پێکهاتە سیاسی و کومەڵایەتی و ناوچەییەکانی کوردستان دەکەوێت.

لاکردنەوەی ڕێکخراوی چاك لە دۆزی کارەساتە جەرگبڕەکانی گەلی کوردستان، ئەنفال و هەڵبجە و قاڕنی و...... هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دادگای جهانی لەسەر کێشەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، ڕوداوی مێژویی بێوێنەن کە کومەڵێك کوردی هەندەرانی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی ناحزبی کوردستانیدا دەستپێشخەریان بۆ کردووەو سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێناوە، دادگاییکردنی ڤان ئانراختی تاوانبار سەرکەوتنەکانی چاکی بە لوتکە گەیاند. هەوڵدان بۆ ناساندنی کارەساتی ئەنفال وەك پرۆسەی جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان لە ڕێگەی چالاکوانانی ڕێکخراوی چاکە وە، هێندەی تر ڕێکخراوی چاك خۆی لە دڵ و ئاوەزی کوردان نزیك دەخاتەوە و دەبێتە شوێنی بڕواو متمانەی دلسۆزانی نەتەوەکەمان و هەناگاوێکی سەرکەوتوی تر بۆ پێشەوە دەهاوێژێت.

ئەگەرچی ڕێکخراوی چاك لە ناساندن و بە جهانیکردنی کارەساتە جەرگبڕ و مەترسیدارەکانی مێژووی کورد و کوردستان درێغی نەکردووە و بەردەوام لە هەوڵی ناساندنی کێشەی ڕەوای گەلی کوردایە، بەڵام بەرەی تێکۆشانی دیموکراتی ناوخۆی کوردستانیشی فەرامۆش نەکردووە، لەگەڵ هەموو دیاردەیەکی سیاسی نانەتەوەیی نادیموکراتی و گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستاندا، چاك لە ڕیزی پێشەوەی ڕێکخراو و ڕاگەیاندن و کەسایەتیە پێشەنگەکانەوە بۆ هەڵوێست نیشاندان ڕاوەستاوە. چاك دژی گوللەبارانی کوێرانە و شێوازەکانی تری توند و تیژی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی ساڵانی 2005-2006 ی خەڵکی کوردستاندا هەڵوێستی جدی نیشانداوە. چاك بەردەوام داککۆکی لەو کەسایەتیانە کردووە کە لە لایەن دەسەلاتی هەرێمی کوردستانەوە لە سەر بیرو باوەری جیاواز و ئازادی ڕادەربرین و ئازادی ڕۆژنامەگەری ئازار دراون و زیندانی کراون.

چاك گەلی کاری تری مەزنی لە مێژوی تەمەنی کورتی خۆیدا ئەنجام داوە، من لەو باوەڕەدام بەو هزرە نوێیە و بەو ئیرادە بەرزەوە ڕێکخراوی چاك دەتوانی لە ئایندەدا خزمەتێکی زیاتر و باشتر بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد بکات و چەندان پێویستی تری نەتەوەیی و دیموکراتی گەلی کوردستان چاوەڕوانی ڕێکخراوی چاك دەکەن، تا پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراو و دەزگاکانی تری هاوشێوەی خۆی و کەسایەتیە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی کوردستاندا ئەنجامی بدەن.

جارێکی تر پێنجەمین ساڵیادی لە دایکبونی ڕێکخراوی چاك لە ئەندامانی چاك، گەلی کورد و دۆستەکانی گەلی کورد و هەمو مرۆڤایەتی پیرۆز بێت.

دکتۆر فایق محەمەد گوڵپی 26-12 2006